www.kurdistannet.org
26-12-2005 22:52 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# گاڵتەجاری یاسا و سیستەمی دادگایی لە کوردستان دا! سەبارەت بە سزای 30 ساڵ زیندانی بەسەر دکتۆر کەمال سەید قادر دا .. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

لە رۆژی 2005/12/20 لە زمانی وەزیری مافی مرۆڤی ئیدارەی هەولیرەوە ڕاگەیەنرا، کە دکتۆر کەمال سەید قادر، بە سزای 30ساڵ زیندانی کراوە، بە پێی یاسای عقوباتی عێراقی و کوردستانی و ڕایگەیاند کە تاوانەکانی دکتۆر کەمال"تەشهیر و فەزفە". ئەوە "دیموکراسی" و حوکمی"یاسایە" لە کوردستان، ئەو یاسایەی لە سەر لافتە و قەد پالی شاخەکان نوسراوە " یاسا سەرووەرەو کەس لە سەروو یاساوە نیە". ئەم یاسایەی کە سەرووەرە پێویستە زیندە پەچال بکرێت. ئەمە یاسای زەمانی کۆیلایەتیە و بە دەسەلاتێك دەکرێت کە خۆی لە جیاتی یاسا دابنێت.

سەیر ئەوەیە وەزیری مافی مرۆڤ زۆر هەوڵی دا ئەوە رۆشن بکاتەوە کە لەقانونی عقوباتی بەعسدا، یاسایەکی لەم چەشنە پەیدا بکات بەلام پاش ڕاکێشان و هێنان و بردنی ماددەی 143ی قانونی عقوباتی عیراقی بۆی دەرکەوێت، هەوڵەکانی بیسودە و ناچار بوو واز لەوە بهێنیت کە یاساکانی بەعسیش دادی ئەمە نادات و بۆیە پێوێستە لە ئەشکەوت و شاخ و داخ و فەرهەنگی بزوتنەوەی کوردایەتیدا بەدوای سزایەکی ئاوادا بگەرێت و یاسایەکی بۆ بدۆزێتەوە.

ئەمە دیموکراسی و ئەمە یاساکانی بزوتنەوەی کوردایەتییە، ئەمە یاسا و ئەمە سیستەمی دادگایی بزوتنەوەی کوردایەتییە ئەم ئەو یاسا و دادگایەیە کە چەند ساڵەی بەشێوەی جۆاوجۆر لە کوردستان و لەسایەی دەسەلاتی ئەم بزوتنەوەیەدا دەچێتە پێشەوە ئەمە حوکمی میلیشاییە تاکو سەر ئێسقان و یاسا لەسەر و میلیشایەوە نیە. چەند ساڵە لەکوردستان بیری ئازاد تیرۆر دەکرێت نەزیر عومەر ڕیناس، بەکر عەلی و شاپور و قابیل و دەیانی تر.... بەم پێوانەیە دکتۆر کەمال باش بۆی دەرچووەو بڕیاری"دادگا!!"گەی بڕیاری مەرگێکی شێنەیی ترە. لە هیچ جێگایەکی دنیادا نەبوە لەسەر دوو وتار 30 ساڵ سزای زیندانی بدرێیت و هیچ دەسەلاتێکی دیکتاتۆری دنیاش ناتوانیت پاساو بهینیتەوە بۆ ئەم جۆرە سزایە. ئەمە شکاندنی رەقەمی قیاسی حوکمدانە لەسەر نوسین لە لایەن بزوتنەوەی کوردایەتیەوە و پێویستە تۆمار بکرێت.

ئەم سزا و یاسا و جۆری دادگاییکردنە گاڵتەجارییە و ئێمە ئیدانەی دەکەین. داوا کارین لەهەموو ئازادیخوازانی دنیا لە ریکخراوە ئینسان و دۆست و کرێکاری و چەپەکان، ئەم حوکم و بڕیارە سەرکوتگەرانە ئیدانە بکەن و فشار بخەنە سەر حزبی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی ئەم حزبە کە دەست بەجی ئەم بڕیارە هەڵبوەشێنێتەوەو دکتۆر کەمال ئازاد بکەن.

ڕێخراوی کوردستان
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
2005/12/25